# کۆمەڵگەیەکی لەبارتر لە داهاتدا



دیموکراسییەت پێگەیەکە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی پڕ شارستانییەت، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگە کاریگەرێتییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵ هەیە. بەڵام بە تەنها دیموکراسییەت بەس نییە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی لەبارتر لە داهاتی ژیانی کۆمەڵگەکانی سەر ڕووی جیهان دا. ئەلفرێد نۆرس دەڵێ: تێکڕای فەیلەسوفەکانی جیهان جێ پێ هەڵگری هونەری ژیانی "پلاتۆن" بوون، پلاتۆن یەکەمین فەیلەسوفی جیهان بووە کە 400 ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح هاتۆتە دونیاوە. فەلسەفە بە ناوەڕۆکی ماناکەی واتە هونەری ژیان لەسەر بنچینەیەکی زانستیی. بەڵام ئایا ئیمڕۆ هەتا چەند فەلسەفە دەتوانێ کار بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کۆمەڵگا بکات؟ ئەو فەلسەفانەی کە هەتا ئیمڕۆ کاریان بەس بە تەنها شیکردنەوەبووە، شیکردنەوەی بنەماکانی جیهان و مرۆڤ. ئایا دەشێت ئیمڕۆ فەلسەفە کار بۆ ئەوە بکات کە بتوانێت لە دەست تێوەردانێکی تیۆرییانەوە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیی چاکتر و لەبارتر بۆ داهاتی ژیانی مرۆڤ؟ کۆمەڵگایەکی مرۆییی کە بتوانێت زیاتر خۆی لە بنچینەکانی مرۆڤایەتیی نزیک بکاتەوە و بە ڕەوشتەوە ڕەفتار لەگەڵ ژیاندا بکات. لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی دا هیچ کەسێک پێرفێکت و کۆرێکت نییە، کەواتە ناتەواوییەک لە خودی بوونیەتی مرۆڤ خۆیدا هەیە. ئەو بۆشاییەش بە سەلیقە پڕ دەکرێتەوە. ژیربێژییەک کە دەبێت لە شیری مەمەی دایکانەوە بگوێزرێتەوە بۆ کۆرپەی بەر باوەش. ئەو دایک و باوکانەی نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ پرۆسێسەکانی دیموکراسیی دا ڕابهێنن و هونەرکارییان لە ژیاندا لەسەر بنچینەی زانست نەکردووە، ناتوانن نەوەی پێرفێکت بخەنەوە. دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی شارستانیی کارێکی هەمیشەیی مرۆڤ بووە لە هەموو قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ دا، هەر لە سەر دەمی کۆمۆنە سەرەتاییەکانەوە بیگرە هەتا ئێستا کە مرۆڤ بەردەوام کۆشش لەگەڵ ئەم پرۆسێسەدا دەکات بۆ پێرفێکتکردنی مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی ناتەواو. تێکڕای هەموو ئایین و باوەڕەکان لە ژیانی سەرەتایی مرۆڤ دا هەوڵی تەواوکردنی مرۆڤیان داوە لە ڕێگەی نزیکبوونەوە لە خوداوە. شان بە شانی پێغەمبەرەکان و باوەڕەکان، فەیلەسوفەکان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی هونەرکارییەوە لە ژیان دا

www.kurdistannet.org

لەسەر بنچینەیەکی زانستیی کۆمەڵ بەرەو گۆڕان بەرن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی سانا نەبووە بگرە لەم تێکهەڵچوونی باوەڕ و زانستەدا زۆرینەی جار فەیلەسوفەکان بەر هێرشی باوەڕدارەکان و پیاوە ئاینییەکان کەوتوون. لە سەردەمانی یۆنانی کۆنەوە لە پرۆسێسەکانی پەروەردەکردندا لە لایەن فەیلەسوفەکانی یۆنانەوە وەک ئەفلاتوون: پەیڕەوکردنی قۆناغەکانی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی ناتەواو، کە لە سەردەمی منداڵییدا لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات، پێگەکانی خوێندەواریی کە لە قوتابخانەوە سەرهەڵدەدەن دەکرێتە کێڵگەیەک بۆ دروستکردنی مرۆڤی تەواو و بە سەلیقە، لەم پرۆسێسەدا دەبێت مرۆڤ ڕەوشتێکی دیکەی تری هەبێت جیا لە خەڵکانی تری ناو کۆمەڵگا، پاککراوە لە هەموو جوڵانەوەیەکی شەڕانگێڕیی و وێرانکەر. دەبێت کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی مرۆی نوێ و ژیربێژ وەدوور بن لە هەموو دڕکوداڵ و پیساییەک، زەوییەکی پاکژ و کێڵڕاو هەتا گوڵە گەنمی بە پیتی تێدا بچێنرێت. کەواتە لەم قۆناغەشدا ئەگەر هاتوو خەڵکانی پاک و خاوێن لە بیر و هۆش جیا نەکرێنەوە ئەوا دروستکردنەوەی مرۆڤ یان تەواوکردنی مرۆڤ کارێکی ناتەواویی بەخۆوە دەگرێت چونکە لەم کاتە دا مرۆڤەکانی تر کە وەک دڕکوداڵ وان لەم باخە دا دەبنە هۆی زیانی پەروەردەییی و داهات بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی. دیارە لێکدانەوەی فەلسەفیی سوودێکی زۆر بە ژیانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت ئەگەر هاتوو تیۆرییەیە فەلسەفییەکان لە کۆمەڵگەدا پراکتیزە بکرێن، پێویستە کۆمەڵ بەرەو ناو جیهانی لێکدانەوە و توێژینەوەکان ڕابکێشرێن بەتایبەت لە نەوەی نوێدا کە ئەوان دەبنە خاوەنی دواڕۆژ. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا " بێرتراند ڕوسێڵ" دەیگووت: فەلسەفە وڵاتی هیچ کەسێک نییە، بگرە فەلسەفە کەوتۆتە نێوانی زانست و تیۆلۆگییەوە. ئەم بۆچوونەش چەندەها فەیلەسوفی دیکەی تری هەژاند بۆ لێکۆڵینەوەی بوونیەتی جیهان، دیارە هەتا ئێستا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ڕادەی زۆرینە نەگەیشتوونەتە ئاستێک کە لەژێر کاریگەرێتیی ئایدیۆلۆژییەیە ئایینییەکان دوورەپەرێز بوەستن لەمەڕ دروستبوونی جیهانەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا. کۆمەڵگا هەتا لەژێر کاریگەرێتییە ئایینییەکاندا بێت ناتوانێت بەرەو کۆمەڵگایەکی شارستانیی بڕوات و کێڵگەیەکی لەبارتر بۆ داهاتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی پێک بهێنێت. لە سەرتاسەری جیهاندا کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی باڵای بوونیەتی خۆی. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هێشتا لە قۆناغەکانی ناتەواوییدا دێت و دەچێت، هێشتا ئێمەی مرۆڤ ئاژەڵێکی ناتەواوین، نەگەیشتووینەتە بەرزاییەکانی لۆگیک، هێشتا بیری شەڕانگێڕیی و دوژمنایەتیی و ناحەزیی و دڕندەیی و چەوساندنەوە و کووشتن و بڕین لە خانەکانی بیری مرۆڤ دا ڕابەرن. هەمان کات لەناو کۆمەڵگای هاووڵاتیی دا کلتووری مرۆڤایەتیی نەگەیشتۆتە ئاستی پێویستی خۆی، بەوەی بەردەوام پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر هەمان یاسا و ڕێسا دەڕوات بەڕێوە و گۆڕانکارییەکی لەبارتری بەخۆیەوە نەبینیوە. نەبوونی هاوئاهەنگییەکی پێویست لەناو کۆمەڵگا دا، کە مرۆڤ خودی خۆیان بەرانبەر یەکتر بە مانا مرۆڤایەتییەکەی مرۆڤ نین بەرانبەر بە یەکتریی و بەردەوام هەوڵ و تەقەلاکان بۆ زیانگەیاندن بە یەکتریی لە ئارادایە. بوونیەتی مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترە کە وەک

ئیمڕۆ ئێمەی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەین، ئەوەش دەبێتە ئەرکێکی سەرشانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان کە شێوەکانی پەروەردە لە نەوەی نوێدا بگۆڕن و مرۆڤ بەرەو مانا بنچینەییەکەی خۆی بەرن، بەدەر لە هەموو تیۆرییەکی شەڕانگێڕیی و دڕندەیی. لە یاسایەکی نوێی مەڵبەندی "بایەرن" دا لە وڵاتی ئەڵمانیا دا سەرۆک وەزیرانی هەرێمی ناوبراو " ئێدمۆن شتۆیبەر" لە ئەڵمانیای فیدراڵ دا ڕایگەیاند کە لە سالانی داهاتدا دەبێت منداڵ لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە بچێتە قۆناغەکانی قوتابخانەوە بۆ بەرەو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی لەبارتر لە داهاتی هەرێمی"بایەرن" دا. بەڵام ئایا ئەم بڕیارە هەتا چەند بەسوودە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی لەبارتر لە داهاتی ژیانی مرۆڤ دا؟ بەشبەحاڵی خۆم من ئەم تیۆرییە ڕەتدەکەمەوە چونکە هینتەرگرووندێکی سەرمایەداریی تێدا بەدی دەکەم بۆ بەرەو بەستنەوەی کۆمەڵگا بە یاسا ئابووریی و زێدەباییەکانەوە. ئەمە چارەسەرێکی بنچینەییی نییە بۆ پێرفێکت کردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی بەڵکوو دزینی کات و تەمەنی مرۆڤە بۆ مەبەستێکی ئابووریی و چدی نا. منداڵ پێویستی بەوەیە کە تەمەنی منداڵیی خۆی هەبێت لێرەدا دەوڵەت ساڵێک لە تەمەنی منداڵ دەدزێت، لە کاتێک دا یاساکانی خانەنشینبوون لە تەمەنی شەست و چوار ساڵییەوە بەرەو گۆڕان دەڕوات هەتا تەمەنی حەفتا ساڵیی کەواتە لێرەدا بوونیەتی مرۆڤ وەک ڕۆبۆتێک بۆ کارکردن بەکار دێت و بۆ پڕکردنەوەی خەزێنەی دەوڵەت دەخرێتە گەڕ. ئەمەش هۆکارێکە بەرەو تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵ و زیادبوونی جیابوونەوەی ژن و مێرد و زیادبوونی ژمارەی بێ نەوایان و منداڵانی بێ دایک و باوک، چونکە دایک و باوکان کاتیان نییە بۆ منداڵ و بۆ خێزان بە هۆی کارکردنەوە. لێرەدا ئەرکی سەرشانی مرۆڤە کە هەست بەم چەوسانەوەیە بکات و بە هۆش و سەلیقە مامەڵە لەگەڵ یاسا چەسپێنەرەکاندا بکات. چونکە خودی فەلسەفە کە وەک " هێرمان شمیتس" دەڵێ: فەلسەفە هۆش بەخۆکردنە و قووتکردنەوەی پرسیاری " من کێم"ە؟ کەواتە مرۆڤ ڕۆبۆت نییە بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بەکار بهێنرێت، ڕۆبۆت نییە بۆ بەکارهێنانی شەڕ و دژایەتییکردنی نەتەوە و گەلانی تر و چەوساندنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی. کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی پێویستی بە تیۆرییەکی فەلسەفیی نوێیە هەتا سەرلەنوێ ئەو کێڵگە پڕ دڕکوداڵەی ئێستا لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا هەیە خاپوور بکرێت و لە جێگەی هەر دڕکێک دا گوڵێک بروێنرێت و هەتا ئێمەی مرۆڤی ئاژەڵی ناتەواو بتوانین ئەو بۆشاییە گەورەیەی هۆشمان وەک مرۆڤ پڕبکەینەوە و بنچینەیەکی پڕ لۆگیک بۆ ژیان و بۆ هاوئاهەنگیی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دابنێین، بتوانین تەواوی کێشە کۆمەڵایەتیی و چینایەتییەکان بۆ هەتا هەتاییی بنەبڕ بکەین. ئیمڕۆ سەدەی پراکتیزەکردنی تیۆرییە فەلسەفییە داهێنەرەکانە، کۆمەڵگای کوردیش پێویستە لە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیی سەرڕووی جیهان زیاتر سوود لەم بوارە وەربگرێت هەتا چ نەبێت ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوو زیاتر نەبێت ئەوا کەمتر نەبێت.

پۆلا سەعید

www.kurdistannet.org

24.11.03

سەرچاوەکان:

1. کۆرسێکی خێرای فەلسەفە: گونتەر شولتەر " ئەڵمانیی"
2. سوقرات لەسەر قەنەفەکەی: ئەکسل مۆنتە لەگەڵ هوبەرت پفاو " ئەڵمانیی"
3. بناغەگشتییەکانی کۆمەڵناسیی: د. حوسێنی خەلیقیی " کوردیی"
4. سەرنجێک لە کێشە فەلسەفییەکانی ئیمڕۆی ئەڵمانیا: وتارێکی بەختیار عەلی